# سێ هۆكاری هێرشەكەی هەولێر

17-02-2021

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو

**كورتە :** ئەو کەلێنە ئەمنییەی کە بەهۆی هێرشەکەی 15ی مانگی "ئەولیا الدم" بۆسەر هەولێر دەرکەوت، چارەسەری خێرای دەوێت. دەبی بە هەند وەربگیرێت و لێکۆڵینەوەی ورد لە ئەگەرەکانی هەبوونی بازرگانی و کاری قاچاخ لەناوخۆی هەرێمە لەگەڵ گرووپە چەکدارەکان

ئەو کەلێنە ئەمنییەی کە بەهۆی هێرشەکەی 15ی مانگی "ئەولیا الدم" بۆسەر هەولێر دەرکەوت، چارەسەری خێرای دەوێت. دەبی بە هەند وەربگیرێت و لێکۆڵینەوەی ورد لە ئەگەرەکانی هەبوونی  بازرگانی و کاری قاچاخ لەناوخۆی هەرێمە لەگەڵ گرووپە چەکدارەکان، کە دەتوانێت رێگا بۆ خەرقی ئەمنی و گواستنەوەی چەکی بێ کۆنترۆڵ بۆ ناو هەرێم خۆشبکات گرنگن. پڕکردنەوەی بۆشایی ئەمنی نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و سوپا لە تەنیشت کەمبوونەوەی فرەهێزی لە نەینەوا و کەرکووك و ئاگاداربوونی زیاتر لە رێگا سەرەکی و لاوەکییەکان بۆ ناو هەرێم گەلێك بایەخدارن. بەڵام نەك تەنیا تەگبیرە ئەمنییەکان، بەڵکوو زانینی وردەکاریی پاڵنەرەکانی پشت هێرشەکەی هەولێریش گەلێك پێویستە.

لە کاتێکدا کە دەنگی ناڕەزاییەکی بەهێز لەبەرامبەر هێرشەکەی هەولێر لەو گرووپە سیاسییە شیعییانە نەبیسترا بە نزیك لە ئێران هەژمار دەکرێن، موقتەدا سەدر راشکاوانەتر لەوان بۆی چوو. ئەو هێرشەکەی هەولێری بە دەستوەردانیکی ناوخۆیی- دەرەکی و سەردانە چاوەڕوانکراوەکەی پاپای ڤاتیکان بەستۆتەوە. ئەمەش نزیکترین بۆچوونێك بوو کە بۆ پاڵنەرەکانی پشت ئەو رووداوە کرابێت.

لێرەدا دەکرێ گەڵێك هۆکار باسبکرێن بەڵام سێ دانەیان لەهەموویان گرنگترن کە بەمجۆرەن:

**یەکەم: سەردانەکەی پاپا و رکابەریی ناوخۆیی شیعی**

پیشاندانی هێرشەکەی هەولێر وەك هۆکارێك بۆ ئەوەی پاپا سەردانی هەولێر نەکات، شیکردنەوەیەکی سادە و خێرایە. ئەمە رەهەندیکی قووڵتری هەیە کە دەشێ پەیوەندی بە رکابەریی مەرجەعییەتەکانی شیعەوە هەبێت. لە رۆژانی رابردوودا نوسینگەی ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی، لێدوانێکی رەحمان عامری برای هادی عامری سەرۆکی هاوپەیمانیی فەتحی لەبارەی ئەگەری ئیمزاکردنی بەڵگەنامەیەك لە نێوان پاپا و مەرجەعی باڵای شیعی دا رەتکردۆتەوە.[1] ئەو بەڵگەیەی کە رەحمان عامری باسی کردووە بەڵگەنامەی برایی مرۆڤایەتییە بۆ ئاشتی و پێکەوەژیانە[2] کە بە رێککەوتن- راگەیەنراوی ئەبوزەبیش دەناسرێت. ئەمە ساڵی 2019لەنێوان پاپای ڤاتیکان وشێخ ئەحمەد ئەلتەیب شیخی ئەزهەردا ئیمزاکراوە. تا ئێرە هیچ کێشەیەك دیار نییە بەڵام، کاتێ دەچیتە سەر باسی رکابەریی ناوخۆیی شیعی لەسەر ئەوەی کە کام لا مەرجەعی باڵایە، ئەم بابەتە واتایەکی زۆرتر پەیدا دەکات. هاتنی پاپای ڤاتیکان بۆ عێراق و دیداری لەگەڵ ئایەتوڵڵا سیستانی، پێگەی مەرجەعییەتی باڵای شیعەی عێراق و حەوزەی نەجەف لەنێو حەوزە شیعییەکاندا بەهێزتر دەکات. بێجگە لەوە، ئیمزاکردنی بەڵگەنامەکەش وەك مۆری شایەتیی بەشێکی گەورەی دنیای کریستیانی بۆ بە مەرجەع زانینی ئایەتوڵڵا سیستانی هەژمار دەکرێت. ئەمەش لەکاتێکدایە کە لە نێو ئێران و عێراقدا، گرووپ و لایەنە وەلائییەکان دەستەواژەی "وەلیی ئەمری موسلمین"،"امام" بۆ عەلی خامنەیی رابەری ئێستای ئێران بەکاردێنن و بێجگە لەو، هیچ کەسێکی دیکە بە شیاوی رابەرایەتیکردنی شیعەی جیهان و تەنانەت هەموو موسڵمانانیش نازانن. ئەمەش ئەو پرسیارانە دەورووژێنیت کە ئایا هەر لە بنەڕەتدا گرووپە وەلائییەکان دژی هاتنی پاپای ڤاتیکانن بۆ عێراق؟ ئایا ئەم هێرشەیان کرد هەتا بڵێن ئارامترین شوێنی عراقیش نائارامە و بەوجۆرەش، وەك موقتەدا سەدر باسی کردووە زەمینەی هەڵوەشاندنەوەی سەردانەکەی پاپا درووستبکەن؟ ئەمە بە ئاگاداری لایەنێکی دەرەکی کراوە یان تەنیا رەفتارێکی گرووپێکی عەقیدەیی بووە کە لە خۆیەوە کردوویەتی؟

**دووەم: کاریگەریی ململانێی نێودەوڵەتی لە عێراق**

زۆرێك لە سەرکردەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان ئاماژەیان بەوە کردووە کە ئامانجی هێرشەکان درووستکردنی ئاژاوە و پشێوی بووە. مستەفا کازمی سەرۆکوەزیرانیش باسی لەوە کردووە کە ئەو"هێرشە تیرۆیستییە دوای هەوڵەکانی عێراق بۆ سەقامگیری لە ناوچەکە و دوورخستنەوەی وڵات لە ململانێکان" کراوە. بەوجۆرەش ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆی بە هەبوونی رەهەندێکی دەرەکی لەو رووداوە کردووە. موقتەدا سەدریش باسی لە هەبوونی دەستی دەرەکی و ناوخۆیی کردووە.[3]

ئەوەی گومانی لەسەرە ئێرانە و ئەویش رەتیکردۆتەوە کە هیچ پەیوەندییەکی بە هێرشەکەی هەولێرەوە هەبێت بەڵام، لەپرسەکانی تایبەت بە ئاسایش و سەقامگیری لە عێراق و ناوچەکە زۆرلایەنی میدیایی و سیاسیش رۆڵی ئێران بە گرنگ دەزانن.  تەنیا لە سەرەتاکانی ئەم مانگەدا و لەماوەی نزیکەی 10 رۆژدا، دوو نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ باسکردنی دوو پرسی پەیوەست بە سەقامگیری و قەیران لە ناوچەکە لە دەرگای تارانیان داوە. مارتین گریفیتس نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری یەمەن رۆژی 7ی ئەم مانگە بە سەردانێکی دوو رۆژە چووە تاران تا لەسەر قەیرانی یەمەن قسە بکات.[4] بەرلەویش، جنین هنیس پلاسخارت بەرپرسی یونامی لە عێراق

بۆ دوو رۆژ چووبووە تاران تا لەسەر سەقامگیری عیراق قسەبکات!

پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە ئایا ئێران خاڵ و لایەنی هاوبەشی هێرشەکەی هەولێر، بڵاوبوونەوەی ڤیدیۆی تایبەتەکەی "یارمەتی" ئێران بۆ هەرێمی کوردستان لەشەڕی دژی داعش بە ناوی تەوەکول، هێرشی گریمانەیی گرووپێکی عێراقی بەناوی وەعدی هەق بۆ سعودی و زیادبوونی چالاکیی حوسییەکانی یەمەنە؟ ئایا پەلەنەکردنی ئیدارەی نوێی ئەمریکا بۆ گەڕانەوە بۆ رێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران، رۆڵی لە زیادبوونی کردەوەی گرووپە چەکدارییە شیعەکان لە ناوچەکەدا هەیە؟ ئایا نەتەوەیەکگرتووەکان خەریکی ناوبژیوانییە؟ وەڵامی ئەو پرسیارانە پێویستیان بە بەڵگەی بەرچاو هەیە بەڵام، ئێران رۆڵی لە رووداوەکەی هەولێر و ئەوانی دیکەدا هەبێت یان نا، لانیکەم دنیا وەکوو لایەنێك سەبارەت بە پرسەکانی سەقامگیری لە عێراق و یەمەن و چەندین شوێنی دیکەی ناوچەکە سەیری دەکات.

**سێیەم: دۆخی شەنگال و هێرشەکەی هەولێر**

پرسی شەنگال هێشتا بە گەرمی لە رۆژەڤی لایەنە نێوخۆیی و دەرەکییەکانیدایە. رێککەوتنەکەی هەولێر و بەغدا جارێ لەسەر کاخەز ماوەتەوەو لەسەر عەرزیش زۆری لێگۆڕاوە. مانەوەی هێزە چەکدارییەکان بە گرووپەکانی حەشدی شەعبیشەوە بابەتێکی ئاڵۆزە و رەنگە ناردنی لیواکانی پۆلیسی فیدراڵی و هەبوونی فیرقەکانی سوپای عێراقی ئاماژەیەك بێت بەوەی کە لەوانەیە دواجار حکومەت، بیری لە بەکارهێنانی جۆریك گوشاری سەربازیش کردبێتەوە هەتا بتوانێت خواستەکانی بسەپێنێت. هەرچەندە گرووپە چەکدارییەکانی شیعی لە ناوچەکە بە قسە دەڵێن کە پابەندی بڕیاری حکومەتن بەڵام، وادیارە بە کردەوە نایانەوێ وا بکەن. باسکردنی ئەگەری ئۆپەراسیۆنی تورکیا بۆ شەنگال لەلایەن گرووپەکانی نزیك لە ئێران لەوانەیە پاساویك بێت بۆ ناردنی هێزی زیاتری حەشد بۆ شەنگال هەتا رێ لە هەرجۆرە گوشاریکی نوێی کازمی و هەرێمی کوردستانی بۆ جێبەجێکردنی رێککەوتنی شەنگال بگرن کە چاوەڕواندەکرا لەم مانگەدا زیاتر بێت. ئاڵۆزکردنی دۆخی ئەمنیی هەرێمی کوردستانیش دەتوانێت کاریگەریی لەسەر کەمکردنەوەی ئەو گوشارە دابنێت. مستەفا کازمی سەرۆکوزەیرانی عێراق لە کاتی سەردانی وەزیری بەرگری تورکیا بۆ بەغدا رایگەیاندبوو کە سوپای عێراق خۆی توانای ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی لەهەر شوێنیکی وڵاتەکەیدا هەیە. دەشێ ئەمەش وەك وەڵامێك بۆ خواستی تورکیا بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی شەنگال لێکبدرێتەوە! ئەگینا ئەستەمە تورکیا بتوانێت بەبێ رەزامەندی ئێران و ئەمریکا، ئۆپەراسیۆنی وشکانی لە شەنگال بکات. ئەگەر بتوانیبایە لە 2017دا کاری وای دەکرد. کاتێ هەموو بەشەکانی دیمەنەکە دەخرێنە پاڵی یەك، ئەوسا روونتر دەردەکەوێت کە چۆنچۆنی دۆخی شەنگال و هێرشەکەی هەولێریش بەیەکەوە گرێدراون.

https://www.mawazin.net/Details.aspx?jimare=141932- [1]

Document on Human Fraternity- [2]

https://www.rudaw.net/arabic/middleeast/iraq/1602202111 _ [3]

https://www.reuters.com/article/us-iran-yemen-un-idUSKBN2A707I _ [4]